# مەكتەبی سیاسی و ڕاژەی مامۆستا و فەرمانبەران!

سەلام عەبدوڵا
dwaroj@yahoo.de

من دڵنیام كە مەكتەبی سیاسی حزبە دەسەڵاتدارەكان، خاوەن ئەزموونن و لە زۆر شت تێدەگەن و ژیان بەبێ وان سەروخوار دەبێ و دەزانم ئەوان شەوڕۆژ خەریكی بڕیارە گرنگ و مێژووەكانن. ئێستا مەسەلەیەك هاتووەتە پێش و بۆ نەگبەتی ڕاستەوخۆیش پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، بەڵام تێناگەم بۆچی مەكتەبی سیاسی خۆی بەم بوارە تێهەڵقورتاندووە، لە كاتێكدا وەزیرو وەزارەت و سەددان فەرمانبەریان بۆ تەرخان كردووە. ئەم بوارە ناوی: هەژماردنی ڕاژەیە!

پێشی نزیكەی7مانگ پشتگیری كۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەكانی كوردستانم وەرگرت و وەك هەر زیندانییەك و لەسەر بڕیاری خودی ئەنجومەنی وەزیران، داوام كرد ماوەی زیندانبووم وراژەی سەردەمی كاركردنم لە هەولێرو بەغدا كە دەكاتە6ساڵ و6مانگ، وەك خزمەت بۆم بژمێرن. لەو ماوەیە چەندین جار سەردانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سلیمانیم كرد، بەڵام هەر جارێك پێیان دەوتم((تۆ بڕۆ، ئەگەر لیژنەكە بڕیاریدا، ئێمە بە خۆمان بۆتی دەنێرین)). لە كۆتایی مانگی8، جارێكیتر سەردانی پەروەردەی سلیمانیم كرد، دەبینم بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، هەژماردنی ماوەی زیندانیم لە2006/3/27و بە نووسراوی ژمارە2376دەركراوەو ئاماژەیان بە بڕیاری لیژنەی هەژماركردنی راژە لە2006/3/10، كردووە، بەڵام نە بەدەستی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی خانەقی گەیشتووەو نە بەدەستی خۆم و سەرباری ئەوەش هیچ فەرمانێك لەبارەی6ساڵ و شەش مانگ خزمەتكردنەكەم دەرنەكراوە!

لەبەر خۆمەوە وتم هەر باشە، با ماوەی زیندانبوونەكەم بۆ حیساب بكرێت، پاشان دووبارە داوای ئەو خزمەتەكەی تر دەكەمەوە، چونكە لەوانەیە بەڵگەكانم وون بووبن.

لە پەروەردەی خانەقی، بەرپرسی خۆیی پێی وتم: كاركردن بەو بڕیارە ڕاگیراوەو دەبێ بڕیاری مەكتەبی سیاسی یان ئەنجومەنی وەزیران دەربچێت و پیشتوانی ڕێكخستنتان هەبێت.

جارێ من نازانم چۆن دەنگم بگەیەنم بە مەكتەبێكی ئەوەندە پایەبەرز و زۆر سەرقاڵ وئەوجا من كە حزبی نەبم، چۆن ڕێكخستنی حزبە دەسەڵاتدارەكان پشتیوانیم لێ دەكەن؟!

بە هەرحاڵ، بەرێوبەرایەتی پەروەردەی خانەقی لەسەر داوای(بەرێوبەری گشتی دیوان و ئیمزای هوشیار موستەفا عەلی)، كار بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە 2006/3/27ناكەن.

من ئێستا سەرم سوڕماوە لەم بەدحاڵی بوونەو لە بڕیاری مەكتەبی سیاسی وەزارەتی پەروەردە!

ئەمە چ چارەنووسێكە:

- كاتێ ویستم نزیكەی20ساڵ لە شەونەخونی كاری ڕۆژنامەنووسیم بۆ بژمێرن، مەلەفەكەم گەیشتە بەردەم قەڵەمبەدەستێكی ڕاگەیاندنەكانی بەعس و ئێستا چاوەڕوانم"خوا ئەو هەڤاڵە

خەت مایلە بباتەوە"تا جارێکیتر لە دەرگای ئەو سەندیکایە بدەم!. ئەو"هەڤاڵە"پێی وتم: تۆ دەبێ بۆ هەژماردنی ئەو ماوەیە، شەونخونییەکی زۆرت کردبێ. بەڵگەکانت بۆم بهێنە!

ئەو هەڤاڵە وای پێ وتم گەرچی پشتیوانی راگەیاندنی حزبێکی تێکۆشەرم پێ بوو!

من ئەو هەموو ساڵە نەك تەنها بە شەونخونی، بەڵکو لەسەر ئەرکی گیرفانە شڕەکەی خۆیشم+ بەجێ هێشتنی3 منداڵ....سەرقاڵی نووسین وکاری رۆژنامەنووسیم بووم!

- کاتێ ویستم ماوەی زیندانیم بۆ بژمێرن، بڕیاری هەژماردنی راگیرا.
- کاتێ ویستم6ساڵ و6مانگی خزمەتکردنم بۆ بژمێرن، ئاسەواری نووسین و بەڵگەکان لەلای پەروەردەی سلیمانی یان لە ئەنجومەنی وەزیران نەما.
- کاتێ ویستم ماوەی پەنابەرێتیم بە خزمەت بۆم حیساب بکەن، وتیان ناکرێ، بەڵام دەرکەوت ئەو بڕیارە تەنها"هەڤاڵە شۆڕشگێرەکانی"خۆیان دەگرێتەوە، گەرچی لەم بارەیەوە بڕیاری ئەنجومەی وەزیرانی عیراقیش دەرچووە!

ئێستا لەبەر ئەوەی ئیدی پاش ساڵ و نیوێك لە سەبر و چاوەڕوانی، بێزاربووم و نازانم چۆن ئەم کێشەیە چارەسەربکەم و ئەوەندە ئەم سەرو ئەو سەر نەکەم، بۆیە پەنام بۆ بڵاوکردنی ئەم نووسینە بردووە.

ئایا ئەمە پیلانی ئاژاوەچی، گێرەشێوێن و تابوری پێنجەم نییە لە دژی هاوڵاتیان؟

ئایا ئەو ئاژاوەچی و گومانلێکراوانە کێن کە بڕی130هەزار دینار بە رەوا دەزانن بۆ موچەی یەك مانگی مامۆستای تازە دامەزراو-من هێشتا بە مامۆستای تازە دامەزراو ناونووس کراوم!!- گەرچی لە کۆتایی ساڵی1979وەك مامۆستا لە دێی قەرەئەنگوێ-سەر بە سورداش- دامەزرام، بەڵام فایلەکەم لە راپەڕینە قوڕبەسەرچوو و ئەتکراوەکەی1991، سووتاوە؟

من دەزانم بڕیاربەدەستە پایەبەرزە بەڕێزەکان کاتی ئەوەیان نییە خۆیان بەم کێشە زۆر بچوکە خەریك بکەن، بەڵام منیش نازانم بۆ کوێ بڕۆم!

راستە ئەوان نانی خەڵکیان بەدەستەوەیەو بەشێوەیەکی زۆر حزبی بڕیاری لەسەری دەدەن، بۆیە تکام وایە نەختێك بەزەییان بەخۆیان بێتەوەو ئەوەندە لاف و گەزافی مەدەنییەتی لێ نەدەن!

بە دڵنیاییەوە تەنها بارودۆخی من وا نییە، بەڵکو هەزاران مامۆستا لە زوڵمی بازارەکەیان-بازاڕێکی زۆر بێ بەزەیی چینایەتی- دەناڵێنن. ئەوە نەفەس بەرزی و شانازیکردن بە خۆمان، رێگامان پێنادات لەبەر دەرگاکانیان راوەستین و مافی خۆمان"هەزار جار دەخەینە ژێرپێ لەپێناو سەروەری و بەرزی ناویان و نیشتیمانە پیرۆزە بە خوێن سوورکراوەکەمان"، بەڵام:

پەنابەرە هەژارەکان:

نەکەن بگەڕێنەوە...پێ لەسەر خاکی پیرۆز بنێن؛ ئاخر کەس شتی پیرۆز پێشێل دەکات؟!...لەوێ بمێننەوە...لەوێ، لەناو نامۆیی، تەنهایی، بێهودەیی ستەمکارانی"مۆدێڕن"بمێننەوەو خەونی زەردو سوور بە نیشتیمانە ئازادەکەتانەوە ببینن...لەوێ بمێننەوە، نەکەن خۆتان رسوابکەن!

پاش ساڵ و نیوێك لە هەوڵدانی بەردەوام بۆ دابینکردنی بچووکترین مافی رەوای خۆم کە منەتی هیچ کەس و لایەنێکی تێدا نییە، چیتر هیچ هەوڵێکیتر نادەم بۆ بەدەستهێنانیان و هەمیشە لەبەرەی خەڵك...لەناو خەڵك...و لەپێناو خەڵك و کێشە دۆڕاوەکان دەمێنمەوە؛ بە هیوایەکی نوێوە لە بوارێکیتری ژیان، هەوڵدەدەم"زەقنەبووتەکەم"دابین بکەم-تەمەن زۆری بە نەگبەتی تێپەڕی و گەمژەییە یەکێك بیر لە سەروەت و سامان بکات و ئەوەشی ماوەتەوە هەر چەند ساڵێکە و لەبار و ئەرکی قورسی هەناسەکێشان رزگارمان دەبێت- و ئافەرینێکیش بۆ"مەکاتبە سیاسی"ییەکان کە توانیان شانبەشانی"هەڤاڵە خەت مایل، موستەشار، ئەنفالچی و هەڵپەرستەکان"بە ماوەیەکی زۆر کورت ببن بە خاوەن تەلار، کۆمپانیا و سەروەت و سامانێکی زۆر...هەر هەمووی وەك شیری دایکیان"حەڵاڵیان"بێت، بەڵام خۆزگا عیبرەتێکیان لە"هەڤاڵ و سەرکردەی مەزنی عەرەب سەدام و تەلار و سامانەکانی"وەردەگرت!

07701929872

- ئەم وتارە لە هەفتەنامەی شەقام بلاوکراوەتەوە